# پەیڤی من و «ئۆلیمپ دوگوژ»

**نووسینی: دوکتۆر روئیا تلووعی**

**بەرایی:**

**خاتوو «ئۆلیمپ دوگوژ» ئەستێرەیەکی دیاری بزووتنەوەی جیهانی ژنانە. لە 1798دا لە فەرەنسە پەیماننامەی مافی ژنی بردە کۆمۆنی پاریس. لەو پەیماننامەدا هاتبوو کە ئەگەر ژن دەتوانێ لە سێدارە بدرێ دەبێ بیشتوانێ بگاتە کورسی پەرلەمان. خاتوو ئۆلیمپ دوگوژ لە گیوتین درا و قەت نەگەیشتە کورسی پەرلەمان. ئیمرۆ بزاڤی ژنان دەسکەوتی زۆری بووە کە بێگومان ئەو دەسکەوتانە بەرهەمی تێکۆشانی ژنانی ئازا وەك خانمی دوگوژ بووە.**

**لەم دەقە خەیاڵییەدا بە بۆنەی پەیڤێك لەگەڵ «ئۆلیمپ دوگوژ»، هەلومەرجێك کە ژنانی چالاکی رۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا دەژین باس کراوە. بۆوەی کە ژنانی چالاکی پارچەکانیتری کوردستان و هەروەها ژنانی دانیشتووی هەندەران ئاگاداری کێشە و گرفتەکانی ئێمە بن و جیلی داهاتووی ژنانیش کاتێك ویستیان بزاڤ و چالاکیمان هەڵسەنگێنن، بزانن ئێمە لە چ دۆخێکی نالەبار ژیاوین و لە قۆناغی تێپەڕ بوون لە سوننەتەوە بەرەو مۆدێرنیتە بارودۆخی ئێمە چۆن بووە. لەوانەیە کەسانێك کە ئەم دەقە دەخوێننەوە یان لە خۆیان بگرن یا لە کەسانیتر. لێرەدا مەبەست لە هیچ کەسایەتی تایبەت نیە و هەلومەرجەکەیە کە باس کراوە.**

زۆر ماندوو بووم. چاوەکانم بە زۆر هەڵدەهاتن. قامکەکانم ئیتر توانای نووسینی نەمابوو. پێنووسەکەشم ماندوو بوو. مەرەکەبی رەشی لێ دەتکا...

کاتێك وردە وردە پەردەی ناسکی خەو دایپۆشیم هەر شیعری «شاملوو» بە دەنگی «ناسر» لە گوێچکەمدا دەزرنگایەوە.

**هیلاکی رەنجێکم، کە رەنجی من نیە**

**دانیشتووی خاکێکم کە خاکی من نیە**

**ناسراوی ناوێکم، کە ناوی من نیە**

**گریاوی ژانێکم، کە ژانی من نیە**

**زادەی لەزەتێکم، لەزەتی من نیە**

**بە مەرگێکیش دەمرم، کە مەرگی من نیە...**

لە ناکاو تنۆکێکی سوور تکایە سەر لاپەڕەی کاغەزەکەم و تێکەڵاوی ڕەشایی مەرەکەبی پێنووسەکەم بوو. ڕەش وەك ژیانی هەرچی ژنی چەوساوە و سوور وەك خوێنی ژنانی شۆڕشگێڕ. ئەو دوو ڕەنگە تێکەڵ بوون و کەوتنە ململانێ، نە ڕەشەکە سوورەکەی بۆ دەسڕایەوە و نە سوورەکە دەرەقەتی ڕەشاییەکە دەهات...

سەرم حەوا دا. ژنێك لای کورسیەکەمەوە وەستا بوو و خەریکی خوێندنەوەی نووسینەکەم بوو. برینێکی سوور کە خوێنی لێدەتکا لەم لای ملیەوە تا ئەولای ملی دیار بوو.

ڕامام.

- ببورن ئێوە؟

زەردەخەنەیەکی کرد و هەر وا کە خەریکی خوێندنەوە بوو وتی:

- نامناسی؟

- نا

- هم م م. بەردەوام ناوم دەبەی و هەوێنی نووسینەکانتم.

- ئۆلیمپ دوگوژ؟؟؟؟؟!!!

فرمێسکەکانم بێ ئیختیار لە چاوەکانمەوە سەرڕێژ بوون. سەیری کردم و دەستێکی هێنا بە گۆناما و قەتیسی فرمێسکمی سڕیەوە. نیگای زۆر میهرەبان بوو. وتم:

- ببورە ناتوانم هەست و سۆزم وەشارم، بە عەیبیشی نازانم. منم، ژن، مرۆڤ. ئاوێتەی خەم و شادی، عەقڵ و هەست...

- قەیناکە.

هەناسەیەکم هەڵکێشا و بڕێك ئارام بوومەوە.

- ڕاستی برینەکەت هەر خوێنی لێ دەتکێ!

- تاکو ژن نەگاتە پێگەی مرۆڤایەتی خۆی، برینم هەر خۆش نابێتەوە.

- ژن؟ ئاخخخ ژن... ژن. دەتوانم پرسیارێك بكەم؟

- بۆ نا؟

رووبەڕووم لەسەر كورسیەك دانیشت.

- ئەو كاتەی سەرتیان لە گیوتین دەدا، پێش مەرگت، چ هەستێکت بوو؟

نەختێك بیری كردەوە...

- ئیمان بە درووستی كارەكەم و باوەڕ بە خۆم، خەمبار نەبووم. دەمزانی لەوە بە دواوە بەردەوام لە مێژووی مرۆڤدا دەژیم.

وا بوو. راست بوو. خۆم لە هەر شوێنێك كۆبوونەوەی ژنان لەسەر مافەكانیان دەبینم هەست دەكەم ئەمە دەسكەوتی سەرە لە گیوتین دراوەكەی ئۆلیمپ دوگوژە. ئۆلیمپ نەمردووە. ئەندێشەی ئەو ئیمرۆ لە مێشكی هەزاران ژنیتر دایە.

هەردووكمان چەند چركەیەك بێدەنگ بووین و سەیری یەكترمان دەكرد، بەڵام نە من ئەوم دەدی و نە ئەو منی دەدی. هەردوكمان نوقمی زەریای ئەندێشەكانمان بووین.

لەناكاو بە خۆمدا هاتمەوە و وتم:

- راستی چۆن بوو هاتی؟

- چونكە پێویستت بە من بوو هاتم.

- دەی چۆن زانیت پێویستم بە تۆیە؟

- بۆوەی لەوپەڕی تەنیاییدا هەستت كرد شانەیەكت دەوێ سەری سەر كەی و گوێچكەیەك كە گوێت لێ بگرێ و رۆحێك كە لێت تێبگات.

- وایە، بەڵام ئەو شانە و رۆحە دەبوا پیاوێك بوایە بە دڵی خۆم.

- بەڵام هیچ پیاوێك لێت تێناگا. تەنیا رۆحی سەركەشی منە كە دەزانێ تۆی سەركەش و یاخی دەڵێی چی. ئەوە زۆر سروشتیە كە ژنێك شانەی پیاوێكی دڵداری خۆی بوێ، بەڵام ئەو پیاوەش رۆحی ئەو ژنەی دەوێ یان جەستەی؟

نەختێك بێدەنگ و خەمبار بیرم لەو قسەی كردەوە.

- به داخەوە جەستەی. تەنانەت ڕۆحیشی بوێ، یەکەم بیر لە جەستەی دەکاتەوە. دەزانی خاتوو ئۆلیمپ، دەمەوێ وێنەیەك بکێشم. پیاوێکی بەهێز و بەقەوەت کە بە حەزێکەوە خەریکی سەیری ماسیڵەی قۆلی خۆیەتی، بەڵام کاسەی سەری مێشکی تیا نیە و خاڵیە. بە دەستێکی مێشکی خۆی کە ئەوەتا لەبەر سێبەندەیدا گرتووە و قاچێکی خستۆتە سەر سەری ژنێك، وەها بەو قاچە سەری ژنەکەی گووشیوە کە ئەندامی ژنەکە یەکسەر لە خاکدا چەقیوە و خەریکە مێشکیشی دەفلیقێتەوە.

- چ رادیکاڵ فمێنیستانە. دیارە دڵت لە پیاوەکانی دەوروبەرت خوێنە.

- دڵم لە کولتووری پیاوسالاری خوێنە. پیاوەکانی ئێمەش پەروەردەی هەر ئەو کولتوورەن. ژنانیشمان بە هەمان شێوە. من گلەییم لە پیاوانی ئاسایی کۆمەڵگاکەم کەمترە تا ئەوانەی کە خۆیان بە ڕووناکبیر دادەنێن. ژنی چالاك لە کۆمەڵگای مندا ڕووبەڕووی دوو جۆر کێشەیە. یەکەم ئەگەر ژن توانایی و چالاکی خۆی نیشان نەدات و بێدەنگ لە ناو کۆمەڵگا ژیانێکی ئاسایی بەرێتە سەر، پێی دەڵێن کۆمەڵگای ئێمە ژنی چالاکی نیە و پێویستی بە ژنانی چالاکە و تۆ تەنیا ژیانی ئاساییت هەڵبژاردووە و هەر دایکێتی دەکەی. باوەڕت بە خۆت نیە. نازانی چیها دروشمی ڕەنگاوڕەنگی سەبارەت بە پێویستی چالاکی ژن بۆ دەدەن کە هەڵبەت بۆ ژنی خۆیان قەدەغەیە. هەر دەستەش هەوڵ ئەدەن خاوەن ئیمتیازی شانازی چالاك کردنی ئەو ژنە، خۆیان بن و ئەو ژنەش تەنیا لە ژێر چاودێری ئەواندا چالاك بێت و ئەکتەری شانۆی ڕۆشنبیرنمایی ئەو ئاغایانەی بێت کە بە پرسی ژنیشەوە خۆیان هەڵدەکێشن و ڕووناکبیری خۆیان و ئەندێشەیان بە ڕۆژ و مودێرن نیشان دەدەن. لە ڕاستیدا ئەو دەستە پیاوانە هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە پرسی ژن نیە و زیاتر مۆدپەرستن. ئیمڕۆ کە مۆد، مۆدی ژن و فمێنیستە و ئەو پیاوانەش پێیان باشترە ئەم دەرفەتەش بۆ خۆهەڵکێشان وەقۆزن. دووەم ئەگەر ژن توانایی و چالاکی خۆی نیشان بدات، دوو ڕێگای هەیە: سەربەخۆ بێت یان ژێر ڕکێف و چاودێری پیاوان. ژنی چالاك ئەگەر سەربەخۆ بێت ئەوە دەبێ فاتیحای شەرەف و ئابڕووی خۆی بخوێنێ بە تایبەت ئەگەر چالاکی بەرچاوی بێت و هەستی حەسوودی ئاغایان کە زۆر لە حەسوودی ژنان زیاترە بورووژێنێ. چەکی پیاوسالاری بۆ ژن لەم کۆمەڵگادا یەکەم تۆمەتی شەرەف و بێ ئەخلاقیە.

رووناكبیـرنـماكان بەردەوام ئەو چەكەیان پێیە و پڕیان كردووە لە فیشەكی تۆمـەت. ناوچـەوانی ژنیش بە هۆی كولتووری 6 هزار ساڵەی پیاوسالاریەوە، ئامادەترین ناوچەوانە بۆ تەقە. ژن تاوانبـاری هەتاهەتاییە و كەسیش لێی ناكۆڵێتەوە بۆ؟ چونكە ژنە تاوانبارە. چەكی «جاشی»ش بۆ ژنان كراوەتە مۆد. پێم وایە ئەم چەكە لەو چەكەی پێشوو مۆدێڕنتـــرە. ئەگـەر ژنێـك بـە فیشـەكی تۆمـەتی بـێ ئەخلاقی تەنیا بریندار بوو و نەمرد، خومپارەی «جاش» بە دڵنیاییەوە، كاری تـەواو دەكـات. كـەس ناپرسێ گوناهی چالاكی ئەو ژنە چی بوو؟ سەربەخۆیی؟

بە داخەوە، بە داخەوە خاتوو ئۆلیمپ، كۆمەڵگای من كۆمەڵگایەكی ژێردەسـتە و چەوسـاوەیە. دەسەڵاتداران بە هەموو جۆرێك ئیشیان لە سەری كردووە. لە پارچەی رۆژهەڵات پاكتاوی باوەڕ بە خۆ لەو پاكتاوە رەگەزیە كە لە باشوور كرا، زۆر كاریگەرتر بوو. لە مەرگی «باوەڕ بە خۆبووندا» هەرچـی سفەتی خراپە، هی خۆمانە و هەرچی سفەتی چاكە، هی بێگانەیە. ئازایەتی و جەسارەت بـە تایبـەت بۆ ژن، بێگانەیە. ترس و قایـمكاری سفەتێكی خۆماڵیە. ئەگەر جەسوور بیت و ئازا كەواتە خۆمـاڵی نیت، بێگومان هی دەسـەڵاتی و پاڵپشـتت گەرمـە. زینـدانێكی خـەیاڵی لـە مێشـكی هەمووانـدا ئامادەیە. باشتـرە دەستیان بە كڵاوی خۆیانەوە بێت با نەیبات، ئەگەر نـا لـەو زیندانـە خەیاڵییـەدا دەگیـرێن.

ئەم چەشنە بیـركردنەوە و ئەم قایـمكاریە وای كردووە تاك باوەڕی بە خۆی نەمێنێ و جەسارەتی هیچ ئازایەتیەكی نەبێ، نەكا بگیـرێ. تاكی رووناكبیـری ئێمە ئامـادە نیـە هـیچ شـتێك لـە پێنـاو باوەڕەكانیدا دابنێت. هەزار ئاڵوگۆڕیش لە هەلومەرجی وڵاتەكەدا بووبێ پـەردەی تـرس وەهـا چـاوی بەستووە هەر هیچ نابینێ و هیچ هەلێك ناقۆزێتەوە. ئامادە نیـە بیـــركاتەوە كـە ئەگـەر زینـدانیش هەیە زیندانی ئیمڕۆ بە هۆی زەختی نێونەتەوەیی وەك زیندانی دوێكە نیە. دەسەڵاتیش زۆر زیرەكـە و خەیاڵیشی ئاسوودەیە ؛ تا كاتێـك میللـەتێك وای بەسـەر هـاتووە كـە خـۆی خـۆی لـەناو دەبـات، دەسەڵات پێویست ناكا بە گرتن و زیندان كردن و قارەمان دروست كردن خۆی تووشی كێشـە بكـات. ئازاكانیش هەر بە دەست خودی هاوڕێكانیانەوە لەناو دەبرێن و تیـرۆری كەسایەتی دەكرێن. سیسـتەم تەنیا ئاگاداری چالاكی حیزبی و تەشكیلاتیە. مەترسی ئەوە نەبێ، چـالاكی بزاڤـی فەرهـەنگی لـەم ماوەدا سەلـماندوویەتی جێگای هیچ نیگەرانی نیە و خۆی، خۆی تیـرۆر دەكـات. تەنانـەت «كـریس

کۆچرا» کە لەم ماوەیەدا سەفەرێکی ئەم ناوچەی کرد و لە کۆتایی وتـاری خـۆی کـە لـە گۆڤـارێکی فەرەنسیدا بلاوی کردۆتەوە ئاماژەی بەوە کـردووە کـە ئـەم پڕۆوبلاویـە لـە نێـو بزاڤـی ڕۆشنبیـری ڕۆژهەلاتی کوردستان، جێگای هیچ مەترسی بۆ کۆماری ئیسلامی نیە.

- دەی کەواتە ژنی چالاکی سەربەخۆ لە کۆمەڵگای تـۆدا گیوتینەکـەی ئامادەیـە. باسـی ژنـی چالاکی ژێر چاودێری پیاوانـم بۆ بکە، تکایە!

- پیاوانی بەناو ڕووناکبیـری ئێمـە، سـەدان دەسـتە و گـرووپن. گرووپگـەلی 4-3 نەفـەری. برێکیشیان خۆیان خستۆتە سەنگەری بلاوکراویەکـەوە. هەرکامیشـیان خۆیـان بـە زانـاترین خـەڵکی کوردەواری و باقیەکەی بە نەزان و نەفام و نۆکەری سیستەم دەزانن. پیـاوانی ئـەم گرووپانـەش لـەناو یەکتـردا زۆر دووڕوون. هەر دەستەیەك لە قەڵەم شـمشێرێکیان ساز کردووە بۆوەی سکی یەکتـرینی پێ هەڵدڕن و یەکتـرین بە بێڕەحـمانەترین شێوە لەم پانتا بەدەر کەن. هەرکـەس لـە خـەیاڵی خۆیـدا ڕێبەرێکی کاریزماتیکی بە توانایە و دەبێ ئەو دەرفەتە بڕەخسێ کە وەك قارەمانێك کۆمەڵگای خۆی ڕزگار بکات و ئەوانی‌تـریش یا لەگەڵ ئەون یان دوژمنی ئەو. ژنانیش لە بازنەی ئەوان بـەدەر نیـن. ژنی چالاك ئەو ژنەیە کە هاوبیـری ئەمانە، ئەگەر نیە، جاش و بێ ئەخلاق و بێسەوادە. ژنانێـك کـە ژێر ڕکێفی ئەم گرووپە پیاوانەدا چالاکن، ئامرازێکن بۆ شەڕی پیاوان. بە هۆی بە ژێر دەستە بینیـن و ئامێری سیکس‌بینینی ژن، ژنی هەر دەسـتەیەك لـە لایـەن دەسـتەکەی‌تـرەوە تۆمـەتبارە بـە بـێ ئەخلاقی و پێوەندی لەگەڵ پیاوانی دەستەی خۆی. جا خوا نەکات دووبەرەکی بکەوێتە گرووپی پیاوان و ئەندامی ژن لەم گرووپەدا ناچار بێ، لایەنێك هەڵبژێرێ. هـەر ئـەو ژنـەی کـە لـە لایـەن گرووپـی خۆیەوە چالاکتـرین و ئـازاترین ژن بـووە، لـەناکـاو دەبێتـە خراپتـرین ژنـی جیهـان و ئەمـجارە هاوڕێکانی دەیکوتن و ناوخراپی دەکەن و بەڵگەشیان ئەوەیە کە ماوەیەك لـە نزیکـەوە یاریکاریـانی کردووە و چاکی دەناسن! بەلام قەت دان نانێن بە تاوانی سەرەکی ئەو ژنە، واتـە مافـی هەڵبـژاردنی لایەنێك لەو دوو لایەنە. بە ڕای ئەم پیاوانە: هەرکەس لەگەڵ ئێمە نیە، دژ بە ئێمەیـە. هـەمووی لـە یەك بە شك و گومانن.

- کەواتە کۆمەڵگای تۆ تووشی «وەهمی پیلانە». ئەو بەلایـەی کـە توتالیتـاریزم وەك تـاعوون بلاوی دەکاتەوە و وشیاری و باوەڕ و متمانە دەکوژێ.

- له راستیدا وایه. جا بزانه دەردی ژن چەندە دژوارترە؟ سیستەمی پیاوسالاری خۆی لـە خۆیـدا ژنی خنکاندووە، دیاردەی «وەهمی پیلانیش» تێکڕا ژن لە گۆڕ دەکات و تەواو.

- باشە ژنان لە ناو خۆتاندا چۆنن؟

- چۆن بیـن باشە؟ لە وەها کۆمەڵگایەکدا کە توتالیتاریزمی ئایدیۆلۆجیك، پیاوسالاری پتـەوتر لە هەموو شوێنێکی جیهان کردووە، ژن کۆیلەیە و بەس. دەستەیەکی زۆر لـە ژنـان بـە چارەنووسـی خۆیان رازین و لەگەڵ نەریتەکان سازاون. توندوتیژییان لەگەڵ دەکرێ و دڵیان بە زێـڕ و مـۆدی جـل و بەرگ و چاولێکەری و رقەبەرایەتی مادی خۆشە. جیاوازی دەستەی ژنانی کارمەند لەگەڵ ئەم گرووپە تەنیا لە کارکردندایە و هیچیتـر. ژنـانی هـەژارتری کۆمـەڵگاش کـە هـەر بـە هەناسـە زینـدوون. دەستەیەکی کەم لە ژنان خەریکی چالاکیـن. چالاکی زۆرینەی ئەم دەستە لە ژێر چاوەدێری پیاواندایە و زۆر ئاگایان لە خۆیانە دڵی پیاوسالارانیان لێ عاجز نەبێ. فارس وتەنی: «*بێدەنگ بـێن و بێـدەنگ بڕۆن کە پشیلە شاخیان لێنەدات*.» ئاخر تووشی شاخی پشیلە بوون دەبێتـە هۆکـاری ئـەو ئازارانـەی لەمەوپێش بۆم باس کردی.

- کەواتە لەم کەشوهەوایەدا ژنان ناوێرن خۆیان لە شاڵاوی چالاکی بدەن؟

- وایە. هەموو ژنان تاقەتی راوەستاوی لەبەر ئەو هەموو تۆمەت و بـێ ئـابڕوو کردنـەیان نیـە. ئەو چەند ژنەش کە لە پانتاکە دان، یان گاڵتەیان پێدەکرێ کە خاوەنی بیـــروڕای نەریتیـــن و هێشـتا فکرەکانیان لە دێهاتەکاندا ماوەتەوە، یا ئەوەی ئەگەر رووی خۆشیان بە پیاوان نیشان دابێ ئیتـر... حەسوودی و چاولێکەری و رێگا گرتن لە سەرکەوتنی جیلی نوێش، لـە گرفتـەکانی سـەرکەوتنی ژنانە لە لایەن خودی ژنانەوە. بە تایبەت لە لایەن ئەو ژنانەی کە هەر ناوی بێ کردەوەن و نە تاقـەتی کاریان هەیە و نە تاقەتی بینینی کەسیتر.

- بارودۆخی ژنانی نووسەر چۆنە؟

ژنانی ئێمە زیاتر خەریکی شیعرن و نووسەرمان کەمە و لێکۆڵەرمان هەر ئێگجار کەمە. پیاوان جارجار نازناوی ژنانە هەڵدەبژێرن، بەڵام زوو ئاشکرا دەبێ و قەڵەمیان پیاوانەیە. بە داخـەوە نازنـاوی ژنانە بۆ کاتێك بەکار دەبەن کە ناوێرن دەرکەون.

هەروا بۆم وتی باوەڕ بەخۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر نزمە. هەر ژنێك بنووسێ دەڵێن پیاو بۆی دەنووسێ. بوونی ژنیان بە سەربەخۆیی هەر قەبووڵ نیە و ناچێتە مێشکیانەوە. وای لێهاتووە کە سەرگەرمی پیاوانی رۆشنبیر بۆتە دۆزینەوەی ئەو پیاو خائینانەی کە پێیان وایە بۆ ژنان دەنووسن. رووناکبیریش بێتام بووە. بۆتە ویتی ویتی.

- چۆن؟

- زۆر شوکر بە ژنانی نەریتی کە بۆ ویتی ویتی بەناوبانگ بوون. پیاوانی بە ناو رووناکبیری ئێمە لەوانیش پێشکەوتووترن. تەواوی بوختان و تۆمەتەکان بۆ کۆمەڵی رووناکبیر هەر لە ناو خۆیانەوە دێ. ئەو کاتەی کە بۆ تۆمەت لێدان و سەرنج دانی ژیانی تایبەتی یەکتر بەفیڕۆ دەدەن، ئەگەر بیانخستایە سەر راڤە و لێکۆڵینەوە لە کێشەکان و داهێنان، گرفتێکی ئەم کۆمەڵگا پڕ کێشەیەیان چارەسەر دەکرد. زۆر جێی داخە ستوونێکی سەروتاری رۆژنامەیەك بە کار دەبرێ بۆ هێرش کردنە سەر رۆژنامەوانێکیتر و تۆمەتبار کردنی بەسەر سپراوی و... هتد. تەنیا بەهۆی رقێك کە لە گێڕانەوەی راست یا درۆی قسەیەك بەدی هاتووە! یان تەواوی کاتی بە نرخی چەند رۆژنامەوان بۆ باسی ژیانی تایبەتی ئەم و ئەو بە تایبەت ژنان بە فیڕۆ دەچێ. بەردەوام خەریکی کوتانی چالاکانیترن، نەکا کەسێك لەوان پێشتر کەوێ.

- پیاوان بە قەڵەمیش رێگری لە ژنان دەکەن؟

- بەڵێ. جگە لەوەی ئەگەر ژنێك دەرکەوت و ناوبانگێکی دەرکرد، خێرا بە حەسوودی جەوێك دژ پێی ساز دەکرێ و دەکەوێتە سەر زمان، جاری واشە بە قەڵەم سووکایەتیشی پێدەکەن.

- بۆ خۆت رووی داوە؟

- بەڵێ، بەڵام من هەر وڵامیشیان نادەمەوە. نامەوێ تەنووری ویتی ویتی داخ کەم و مەوداری ئەوە بدەم ویبلاگنووسێکی بێ ناونیشان خۆی بە دژایەتی لەگەڵ من و شەڕەوڵامی من زل کاتەوە و ناوبانگێك بۆ خۆی دروست کات. ژنانیتریش نەمدیوە وڵامی ئەو شتانە بدەنەوە.

- هەڵسوکەوتی پیاوان لەگەڵ هەموو ژنانی چالاك بە هەمان شێوەیە؟

- نا، جیاوازە. تاکو ژنێك ناوبانگی نەبێ یا لەژێر ركیفی ئەوان دەرنەچووبێ و ئەوان بتوانن بیکەنە ئامرازی رووناکبیرنمایی خۆیان و فشە بە کێشەی ژنەوە بکەن کاریان پێی نیە. کێشە لەو کاتەوە ساز دەبێ کە ژن خۆی بێ و ناوبانگێك دەرکات.

- باشە ئەم پیاوە رووناکبیرانەتان خۆیان خاوەنی هزر و ئەندێشەی سەربەخۆ و داهێنانن؟

- داهێنان و تیۆری و ئەندێشەی نوێ سازکردنم نەدیوە، مەگەر بە دەگمەن لای رۆماننووس یان شاعیرانێك. کۆمەڵناسەکانمان کە دایم ناوی فۆکۆ و هابرماس و پوپر و نیچە و... لە سەر زمانیانە و وەرگێڕی قسەکانی ئەوانن، جاری وایە بیرۆکەگەلی فەرامۆشکراوی ئەورووپا وەك بیری نوێ دەکەن بە نوسخە بۆ کۆمەڵگای خۆمان کە خەریکە تازە لە سوننەتەوە تێدەپەڕێت بەرەو مۆدێرنیتە و هێشتا قاچی لە قوڕاوی سوننەت هەڵچەقاوە و بە تەواوی نەیتوانیوە یەکەم هەنگاویش هەڵێنێ.

بیرۆکەی نوێ دەبێ خاوەن تێبینیەکی قووڵ و هزرانە لە دۆخی کۆمەڵگای خۆمان بێت و بتوانی هێزێك بۆ پێشکەوتن بەدی بێنی.

- دەی هەڵسوکەوتی ئەم پیاوە رووناکبیرانە لەگەڵ ژنانی بنەماڵەی خۆیاندا چۆنە؟

- بە راستی جێگای پێکەنینە یا خود گریان. ژنی هیچیان مافی بوون لە بواری چالاکیان نیە. کابرا لەماڵەوە لە ژنەکەی خۆی دەدات و لە دەرەوە باسی فمێنیزم و چالاکی ژن دەکات. دانەیەك دێت نووسینی فارسی ژنێك وەردەگێڕێ بە کوردی و لەولاوە جنێو دەنووسێ بۆ ژنی هاوولاتی خۆی. وتم فمێنیزمیان کردۆتە ئامرازی خۆهەڵکێشان و رووناکبیرنمایی. شانۆی پێوە دەکەن.

- تاك و تاکگەری لە کۆمەڵگای تۆدا چۆنە؟

- لێرە تەنیا شتێك بایەخی نیە تاك و ئازادیەکانیەتی. تاکی ئێمە نابێ بۆ خۆی بژی، دەبێ بۆ نەریتەکانی کۆمەڵگاو بە پێی یاسا نووسراو و نەنووسراوەکانی بژی. بزانە تۆ تەنانەت ناتوانی عاشق بیت، هەر وەکو «شاملو» دەڵێ: «*دەبێ عەشقت لە وێژخانی ماڵەکەت وەشاری.*»

تاك دایم لەژێر چاودێریە. ناتوانێ خۆی بێ و ئاسوودە بێ. ناچارە دەروونی و رواڵەتی لە یەك جیاواز بێ. تۆ عاشقی بەڵام دەبێ شانۆی دوژمنی بکەی. تاوانی عەشق بێ ئابڕوویە بە تایبەت بۆ مێینە.

- باشە ئەم کولتووری پیاوسالاریە لەو پیاوانە کە چوونەتە هەندەران چی؟ هەر بەردەوامە؟

- بە داخەوە لای زۆریان هەر بەردەوامە. ژنکوژی بە تۆمەتی شەرەف لە کوردی ئەورووپا هێشتا دەبیندرێ. ژنی گەنج و کەمتەمەن خواستن لە ناو ولاّت لە هۆی بەدبینی بە ژنانی کوردی دەری ولاّت یا فرەژنی هەر هەیە. تەنانەت لە تەکنۆلۆجیاش کەلکی دروست وەرناگرن. وەنەبێ ژن هەر لەناو ولاّت لە لایەن پیاوەوە ڕێی لێ بگیرێ، لە «چەتی ئینتەرنێت»یشدا ڕێگا بۆ ژن و پیاوی سووک ئاوەلاّیە، بەلاّم ئەگەر ژنانی خاوەن بیروبڕوا بیانەوێ ژوورێکی خۆیان هەبێ، ئەوەی هێرشی سیاسی و ئەخلاقیە سەریان دەکرێ. نموونەی ئەم هێرشە لە لایەن چەند پیاوی کوردی ئەورووپانشین بوو لە سەر ژووری «هێزی ژنانی کورد» و «ژنانی تەوانمەندی فارس». ڤایرووسی نەخۆشی «وەهمی پیلان» کوردی دەری ولاّتیشی نەخۆش خستووە. وەك بلّێی کورد بۆتە دوو دەستە، ئەوەی چۆتە دەر، کوردە باشەکەیە و ئەوەی لە ناو ولاّتە کوردە جاشەکەیە! یان ناو ولاّتیش دوو دەستەیە ئازا جاشە و قایمکار باشە! دەزانی چۆنە خاتوو ئۆلیمپ؟ ژیانی کۆمەلاّگای من بۆ پیاو دژوارە و بۆ ژن دوو ئەوەندە دژوارترە.

- بە ڕاستی زۆر بۆتان بە داخم. پێم سەیرە ئەوەی تۆ باسی دەکەی لە سەدەی هەژدەشدا بۆ من بەم دژواریە، لەوانەیە ڕووی نەدابێ. ئێستا سەدەی بیست و یەکەمە و خەلّکانێك ئەوەندە بە ناخۆشی و دواکەوتوویی دەژین! سەری من بۆ پەیماننامەی مافی ژن لە گیۆتین درا، بەلاّم زیاتر لە دووسەد ساڵ دوای من هێشتا بێمافی ژن بەردەوامە و ژنانێك لە ولاّتگەلێکی ئەم جیهانە بەو شێوە دەچەوسێنەوە. ئایا هەموو پیاوانی ڕووناکبیری ئێوە هەر بە هەمان شێوە لەگەلّتان هەلّسوکەوت دەکەن؟

- نا، نەك هەمووی. نابێ مافی تاقمێك کە بە ڕاستی یارمەتیمان دەدەن پێشێل بکرێ، بەلاّم بە داخەو لەناو ولاّت دەگمەنن. ئەوەی لە دەری ولاّتیش هاندەرمانە نازانم بۆ ژنی خۆشی وایە یا نە؟ بەلاّم پیاوانی زۆر باش و هاندەر و هاریکاریشمان هەیە.

چەند چرکەیەك هەردووکمان بێدەنگ بووین. ڕوالّەتی ئۆلیمپ وای نیشان دەدا کە بە قوولّی بیر لە قسەکانم دەکاتەوە. بێدەنگیم شکاند و وتم:

- سەرتم هێنایە ئێش. لە کۆمەڵگای من ژن بوون دژوارە، بەڵام بە هەموو کێشەکانیەوە، هەر شانازی دەکەم کە ژنێکی کوردم. بە هەر حاڵ بۆ بوون و بۆ ژیان ئامانجگەلێکم هەیە کە هەوڵیان بۆ بدەم.

- نانا بە پێچەوانەوە، سەرم نەهاتە ئێش. ئێستا دەمەوێ بزانم «بیری گشتی» لە کۆمەڵگای تۆدا چۆنە؟

- لە کۆمەڵگایەکی ژێردەستە و چەوساوە کە خاوەنی هیچ ئازادی و تاکگەری نیە، بیری گشتی بە ئاسانی دەگۆڕێ و جێگای متمانە نیە. هەر پرۆپاگەندەیەك دەتوانێ فکرێکی نائازاد ببزوێنێ و دژ بە شتێك بیورووژێنێ یان بەرەو بەرژەوەندی تاقمێك رایانکێشێ. پرۆپاگەندەیەکیتر دەتوانێ ئەم دۆخە بە تەواوی پێچەوانە کاتەوە. لە نەبوونی دیموکراسی و ئازادی و تاکگەری، بیری تاك سەربەست نیە و بیری گشتیش بە هەمان شێوە. زۆربەی ژنانی ئێمەش بە داخەوە نە لە بیر و نە لە بریاردا سەربەست نین.

- بزووتنەوەی ژنان لە کۆمەڵگای تۆدا چۆنە؟

- بە پێی پێناسەی نوێی بزووتنەوە دەتوانم بڵێم: بزووتنەوەیەك لە ژنانی ئێمەدا لە 1919وە لە ئارادایە، بەڵام هێشتا ئەو چالاکی و ئەکتیڤ بوونەی پێویستی خۆی نیە. بزووتنەوەی ژنی کورد بە هۆی دۆخی سیاسی نەتەوەیی میللەتی کوردەوە ناتوانێ جیاوازی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بێت و نابێ دوای ئەویش کەوێ. بیرمەندانێکی پێویستە کە بتوانن تیۆری کارسازی بۆ دارێژن.

- وایە ئێوە ڕێگایەکی دوور و درێژ و دژوارتان لەبەرە.

زۆرمان قسە کردبوو. خەو لە سەرم بە تەواوی پەڕیبوو. دەمەو بەیانی بوو. ئولیمپ وتی:

- دەبێ برۆم.

- سوپاس بۆ هاتنت. پێم وایە ئەوەی لە دەروونمدا قورسایی دەکرد بۆم هەڵڕشتی. بە راستی رۆحم سووك و ئازا بوو. ئێستا هەست دەکەم وەك مەل دەتوانم بفرم. هێزێکی نوێم هەیە.

زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

- کەواتە ئیتر پێویستیت بە شانی پیاوی دڵخوازت نەما؟

پێکەنیم و وتم:

- ئەو شانە هەمیشە بۆم خۆشە. نکوولّی لیّ ناکەم، بەلاّم شانیّك بیّت کە لـیّم تیّبگـات. مـن ژنـم، مرۆڤم، کوردم، خۆمم. نکوولّی لە خۆم ناکەم.

ئۆلیمپ ریّ کەوت و من بە شویّنیا چووم. خویّنی برینی ملی هەر دەتکا. کـاتی مالّئـاوایی لای کانیەکەوە، رووبەڕووی یەك وەستا بووین. دوو ژن، دوو هاودەرد. دەستی راستم برد بۆ ملی و خویّنی ملیم سڕیەوە. داموکا و دەستەیەك چیمەنی لە ئەرد چنی و ختیە دەستی چەپم. چیمەنە سەوزەکەم لە دەستی چەپـمدا گووشی. ئۆلیمپ وتی:

- مالّئاوا.

- مالّئاوا، پیّم وانیە چارەنووسی منیش لە تۆ باشتر بیّت. مالّئاوا.

ئۆلیمپ دوگوژ ون بوو. هەتاو دەرهات و رۆژیّکی نویّ سەری هەلّدا. دەستی راسـتم هیّشـتا لـە خویّنی ئۆلیمپ سوور بوو و دەستی چەپم بە چیمەنەکان سەوز ببوو.

لای کانیەکە دانیشتم کە دەستم بشۆم، ویّنەی هەتاو کەوتە ئاوی رووناکی کانی. هاتـم بیگرم، کە روانیم دەستی سوورم، ئاویّکی سپی و روون لەگەلّ ویّنەی هەتاو و دەستیّکی سەوز. لای خۆم وتـم نیشتمانەکەم خۆشم دەویّی. کیّشەی منی ژن لە کیّشەی تۆ جیاواز نیە. من هەر بە شانازیەوە ژنیّکی کوردم.